
## ئالین:
# ئەگەر شارەزای کەلتووری میللەتێک نەبیت ناتوانیت بە زمانیان گۆرانی بڵێیت



**خانمە هونەرمەندی دەنگخۆش ئالین بەر لە ماوەیەك سەردانی کوردستانی کرد و بەشداریی لە کۆنسێرتێکی گۆرانی کرد، هەروەها بەشداریی لە چەند بەرنامە و چالاکیی هونەری کرد و بڕیار وایە دووبارە سەردانی کوردستان بکاتەوە بۆ ئەنجامدانی چەند کارێکی هونەری.**

ئالین سەبارەت بە هاتنی ژمارەیەکی زۆری کوردانی رۆژئاوا بۆهەرێمی کوردستان و پێشوازی کردنی بێ وێنەی حکومەت و خەڵکی کوردستان لە خوشك و براکانیان دەڵێت: دوای زیاتر لە ٦٠ ساڵ بەسەر داپڵۆسینی کوردانی رۆژئاوا و بێبەش کردنیان لە مافی بوون، ئێستا دەرفەتێکی مێژوویی و بێ وێنە هاتۆتە ئاراوە و هەرکوردێك لە هەر شوێنێکی جیهان دڵی خۆشە بەوەی کوردانی رۆژئاواش وەك هەرێمی کوردستان ئازاد بن و قامیشلۆ ببێتە پایتەختی رۆژئاوا و ئومێدێکی زۆرمان بۆ دروست بوو بە ئازادی و رزگار بوون لە رژێمی دیکتاتۆر، بەڵام مخابن لە چەند مانگی رابردوودا ئەو رووداوانەی لە رۆژئاوا روویاندا بوونە مایەی خەمباری و دڵگرانیی هەر کوردێك لە هەر شوێنێك بێت، چونکە ئەو کوردانەی ئێستا لە رۆژئاوا ماون ئەمانە کەسانی قارەمانن و زۆرداری و سەختیی ژیان و کوشتن و برین و شەهید قبوڵ دەکەن لەپێناوی ئەوەی خاکی خۆیان جێنەهێڵن، من لێرەوە سەری رێز و نەوازشیان بۆ دادەنوێنم، من خۆشحاڵم کە خەڵکی هەرێمی کوردستان ئەو پێشوازییە گەرمەیان لێدەکەن و یارمەتییان دەدەن، بەڵام نابێ ئەوەمان لە بیر بچێت کە نابێ رۆژئاوای کوردستان چۆڵ بکرێت و هەرچەندە ژمارەی زیاتریان خاکی خۆیان جێبهێڵن ئەوەندە کێشەکانمان زیاتر دەبێت و چارەسەرکردنی و گەیشتنمان بە مافەکانمان زیاتر دوا دەکەوێت بۆ بەر لە ٦٠ ساڵ دەگەڕێینەوە دواوە، بۆیە هیوادارم تەنیا بیر لە جێهێشتنی وڵات نەکەنەوە، چونکە باجی دەربەدەری و کوشتن و کۆچ و برسییەتی، تەنیا سەرکەوتن و گەیشتنە بە خەون و هێنانەدی ئاواتەکانمانە، هەروەها لێرە بە پێویستی دەزانم زۆر سوپاسی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و حکومەت و گشت خەڵکی باشووری کوردستان بکەم بۆ ئەو پێشوازی و خزمەتەی پێشکەشیان کرد بە خوشك و براکانیان .

هونەرمەندانی کوردستان بۆ خزمەتکردنی کوردانی رۆژئاوا کاری زۆریان ئەنجامداوە وەك ساز کردنی کۆنسێرتی هونەری لە ناوەوە و دەرەوەی کەمپەکان و سەردانی کەمپەکان، هەروەها بە شێوازی جیاجیا لە رێگای میدیاکانەوە پاڵپشتی خۆیان بۆیان دەربڕی، لەم بارەیەوە ئالین دەڵێ: هونەر خۆی جۆرێکە لە شۆڕش، چونکە کەسانێك بە چەك و خەباتی چەکداری شۆڕش دەکەن، کەسانێکی تر بە خوێندن و زانست و زانین، هەندێکیش بە قەڵەم شۆڕشگێڕن، هەروەها هونەرمەندیش بە دەنگی خۆی شۆڕشگێڕە، بۆیە پێویستە لەسەر هەر هونەرمەندێك لە دۆخێکی لەو جۆرەدا رۆڵی خۆیان ببینن بۆ وشیار کردنەوەی خەڵك و هاوکاری کردنی ئاوارەکان، لەلایەکی دیکەوە زۆر گرنگە هونەرمەندان بە دەنگ و هونەری خۆیان داوای پتەوترکردنی یەکگرتن و یەکڕیزیی گەلی کورد و هێزە سیاسییەکانی بکەن کە ئێستا بۆ ئێمە لە هەموو شتێکی دیکە گرنگترە ئەگەر تەنیا بە یەك سروودیش بێت کە رەنگە ئەم سرووده کاریگەری لە زۆر لایەنی ماددی زیاتر و کاریگەرتر بێت، چونکە هونەرمەند دەتوانێت بە گۆرانییەك کەسێك ئاوا بکات لە هەمان کاتدا بیرووخێنیت، بێگومان ئەم هەنگاوە هیوای کوردانی رۆژئاوا زیاتر دەکات بە داهاتوویەکی گەش و پڕشنگدار، هەروەها ئەوانەی بتوانن لە رووی ماددییەوە هاوکاری بکەن با درێغی نەکەن یان بە سازکردنی ئاهەنگ کە داهاتەکەی بۆ ئاوارەکان بێت، زۆر لە هاوڕێیان داوایان لێکردم گۆرانی بۆ کوردانی رۆژئاوا بڵێم و پێیان وتم: بۆچی تا ئێستا بێدەنگیت، بەڵام ئەمەش کارێکی ئاسان نییە و پێویستە هونەرمەند بزانێت ئایا ئەو گۆرانییە بۆ ئەم بارودۆخە دەگونجێت و کاریگەریی چۆن دەبێت و ئایا بۆ کەسێکی دیاریکراو بێت؟ بۆیە زۆر جار ئازادییەکی تەواوی نییە لە کار کردن ئەو کاتەش ئەگەر زۆر بە وریاییەوە کار نەکەیت رەنگە زۆرکاری خراپیش دروست ببن.

ئالین جگە لە کاری هونەری لە بواری پزیشکیی دەرمانسازی کار دەکات، بەڵام وا ناسراوە کە بەشێوەیەکی زۆر رێکوپێك کاتەکانی خۆی دابەشکردووە و توانیویەتی گونجانێك دروست بکات لەنێوان کاری هونەری و پزیشکیدا، لە ٢٠١١ سێیەم سیدی خۆی تەواو کرد، بەڵام دوای رووداوەکانی سوریا دایك و باوکی روویان لە هەولێر کرد و لە هەولێر دایکی تووشی نەخۆشی بوو، لەم بارەیەوە ئالین دەڵێ: نەخۆش کەوتن و دواتر کۆچی دوایی دایکم بووە هۆی ئەوەی بۆ ماوەی ساڵێك زیاتر لە هەموو کارێکی هونەری دووربکەومەوە هەرچەندە بەرهەمەکەم ئامادە بوو، ماوەی چوار مانگە دەستم بەکاری هونەری کرۆدتەوە، ئەو سۆز و بەڵێنانەی بە جەماوەرم دابوون بەردەوامم لەسەریان، لە ئەڵمانیا لە رووی هونەرییەوە من زۆر پێشکەوتووم و کاری زۆرم ئەنجامداوە و پەیوەندیی زۆر بەهێزم لەگەڵ وەزیری ناوخۆ و وەزیری رۆشنبیری و هونەریی ئەڵمانیا هەیە و لەبەر ئەوەی من بە ٥ زمان گۆرانی دەڵێم لەوانە زمانی ئەڵمانی زۆریان پێخۆش بوو، وەزیری رۆشنبیری ئەڵمانی پێی وتم یەکەم جارە لەنێو هونەرمەندانی کورد و تەنانەت عەرەبیش کەسێك ببینم بەو هەموو زمانە گۆرانیی بڵێ و لەرووی فۆنەتیکەوە زۆر بەباشی گۆرانییەکان دەڵێیت وەك زمانی دایك، ئەمەش بۆ ئێمەی ئەڵمانی مایەی سەرنج و گرنگی پێدانە، لە ئەڵمانیا ئەو کەسانەی ئەڵمانی نین و بە زمانی ئەوان گۆرانیی دەڵێن رێزیان لێدەگیرێت و یارمەتی دەدرێن، هەر بۆ ئەم مەبەستەش تەلەفزیۆنی ئەڵمانی گۆرانییەکی تایبەتی بۆ منداڵان بۆم ئامادە کرد بە هەردوو زمانی ئەڵمانی و کوردی، لەلایەکی دیکە من گۆرانییەکم بە زمانی ئینگلیزی ئامادە کردووە لەگەڵ یەکێك لە بەناوبانگترین ئەستێرەکانی گۆرانی و موزیکی ئەڵمانی، من ئەم گۆرانییە وەك دیارییەك پێشکەش بە گەلی کورد دەکەم و هیوادام ببێتە هەنگاوێك بۆ نزیك کردنەوەی هونەری کوردی و ئەڵمانی، هەروەها گۆرانییەکی تایبەتم بۆ کوردانی رۆژئاوا و ئەو بارودۆخەی ئێستایان وتووە و بە کلیپ بڵاوکراوەتەوە.

ئالین دەربارەی پەیوەندیی لەگەڵ وەزارەتی رۆشنبیری ئەڵمانی و بانگهێشتکردنی بۆ ئاهەنگەکان دەڵێت: من سەرەتا کاری زۆرم ئەنجامدا تا لەوێ ناسرام و ئێستاش وەك هونەرمەندێکی کورد ناسراوم لە ئەڵمانیا ئەمەش وایکردووە لە زۆر ئاهەنگ بەشداریی بکەم، ناسین و گۆرانیی وتن بە زمانی ئەڵمانی وایکردووە کە شارەزاییەکی زۆرم لە کەلتووریان هەبێت، چونکە من بەر لەوەی گۆرانیی بڵێم هەوڵ دەدەم بچمە نێو رۆحی ئەو میللەتە و زۆر شارەزایان بم، بۆ ئەوەی بەپێی ویستی کۆمەڵگاکەیان گۆرانیی بڵێم و ئەگەر وا نەکەم ناتوانم گۆرانییەکە بە سەرکەوتوویی بڵێم و حەقی خۆی پێنادەم و پێموایە لە چەند ساڵی داهاتوو لە ئەڵمانیاش وەك کوردستان بناسرێم.



# مایلی سایرۆس هەواڵێک ڕەت دەکاتەوە

ماوەیەکە پروپاگەندەی زۆر دەربارەی کچە گۆرانیبێژی لاوی ئەمریکی مایلی سایرۆس بڵاودەبێتەوە و هێرشی توندی دەکرێتە ســـەر بەتایبەتی دوای ئەو ئاهەنگەی بەم دواییە ســـازی کرد و دواتریش لە دەستگیرانەکەی جیابۆوە، دوایین پروپاگەندەش هەواڵی دووگیانبوونی بوو لە جی جویس. لەم بارەیەوە سایرۆس لە پەیجی تایبەتی خـــۆی لە تویتەر لە وەڵامی ئەم پروپاگەندانە وتی: بەم دواییـــە گوێم لە چەنـــد پروپاگەندەیەك بووە گوایە من دووگیانم و باوکی منداڵەکەش جی جویســـە، بە راستی ئەم جۆرە قســـانە مایەی پێکەنیـــن و گاڵتە پێکردنن، هەمیشـــە من دووچاری ئەم جۆرە هێرشانە بوومەتەوە، بەڵام ئەم جارەیان جیاوازە و مایەی گاڵتەجاڕییە.

بەپێی راپۆرتێك كـــە ماڵپەڕی (Cream Bmp Daily) لە میانەی ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتەکانی (BET Hip Hop) لــە ئەتلانتـــا جی جۆیس بە جەماوەری راگەیاند کە مایلی هەموو شـــتێکی کردووە لەپێناوی، تەنانەت هەر خۆیشـــی جارێك رایگەیاند بوو کە دووگیانە و جویس باوکی منداڵەکەیە.

بەڵام ســـایرۆس هیچ کاردانەوەیەکی بۆ ئەم لێدوانەی نەبـــووە و نازانـــرێ ئەم هەواڵە راســـتە یاخود تەنیا بۆ راکێشانی سەرنجی خەڵکە بۆ لای خۆی.





# نۆرجول حەز لە جلوبەرگی چینی دەکات

زۆر لە هونەرمەندان سەرسامن بە کەلتور و دابونەریتی گەلانی تر بۆیە لە زۆربەی بۆنە و یادەکان جلوبەرگی ئەو میللەت و وڵاتانە دەپۆشن کە خۆشیان دەوێن، تەنانەت گەیشتە ئەو رادەیەی هەندێك لەو هونەرمەندانە بەوە ناسراون کە خۆشەویستییان بۆ میللەتێکی دیاریکراو بێ سنوورە.

نۆرگـــول یەشـــیلجای خانمە ئەکتەری ناوداری تورکـــی لە یەکێك لە بۆنە تایبەتـــەکان بە لۆکێکی ژاپۆنی ســـەرنجراکێش و جوان دەرکەوت ئەمەش وای لێکرد هەوادارانی وێنەکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی بەشێوەیەکی بەرچاو بگۆڕنەوە و بڵاوی بکەنەوە لە هەمان کاتدا خۆشحاڵیی خۆیان بەم هەنگاوە دەربڕی، دوای بڵاو بوونەوەی وێنەکان هەندێـــك لە هەوادارانی پێیانوابوو ئەم وێنەیە تایبەتە بـــە وێنەگرتنی دیمەنێکی دیاریکراوی کارێکی هونەری یان نا؟ بەڵام ئەوەی زیاتر ســـەرنجی راکێشـــان جوانیی جلوبەرگەکان و ئەو بڕە زۆرەی مکیاژە بوو کە بەکاری هێنا بوون.

شایەنی وتنە نورگولی پاڵەوانی زنجیرە درامای (عەشق و سزا) کە بە (یاسمین) ناسراوە ئێستا لە پەیوەندییەکی خۆشەویستیدایە لەگەڵ دەرهێنەرو ئەکتەری ناوداری تورکی تۆلجا کاراجیلکە.



## سەرەڕای جیابوونەوەیان، هێشتا خۆشی دەوێ

ماوەیەك بەر لە ئێستا کاترین زیتا جۆنز و مایکل دۆگلاس دوای چەندین ساڵ ژیانی هاوسەری، جیابوونەوەی خۆیان راگەیاند، بەڵام تا ئێستا و سەرەڕای جیابوونەوەیان دڵی کاترین هێشتا بۆ خۆشەویستە کۆنەکەی لێدەدا. بەم دواییە مایکل دۆگلاس خەڵاتی ئیمی بەدەستهێنا ئەمەش بووە هۆی خۆشحاڵیی کاترین و رایگەیاند: هەست بە خۆشییەکی زۆر دەکەم بۆ ئەو خەڵاتەی کە مایکل بەدەستیهێنا، کاترین لە رێگای تەلەفزیۆنەوە سەیری ئاهەنگەکەی دەکرد کاتێك مایکل خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاوی بەدەستهێنا لە فیلمی (HBO's 'Behind The Candelabra')، مایکلی تەمەنی ٦٩ ساڵ وەرگرتنی خەڵاتەکەی بە دەرفەتێکی باش زانی بۆ ستایش کردنی کاترین و ئاماژەی بە رۆڵی گرنگی ئەو ئافرەتە کرد لە ژیانی هونەری و ئاساییدا. لەلایەن خۆیشییەوە کاترین بە هەموو لایەکی راگەیاند کە زۆر خۆشحاڵە بەوەی مایکل خەڵاتەکەی بەدەستهێناوە و ئاشکرای کرد کە لەگەڵ یەك رێککەوتوون بۆ ئەوەی ماوەیەك لە یەکتری دووربکەونەوە بۆ هەڵسەنگاندنی ژیانی هاوسەرێتیان و لە دڵەوە هیوا دەخوازن ناکۆکییەکانیان بەلاوە بنێن و جارێکی دیکە بۆ یەکتری بگەڕێنەوە و جگە لەمە چەند کەسێکی دیکەش هەوڵ دەدەن ئاشتیان بکەنەوە.



## کانجانا بە هەموو دیمەنێک رازی نییە

ئەستێرەی سینەمایی بۆلیۆد کانجانا رانۆت بەوە ناسراوە کە لە فیلمەکانیدا زۆر سنوور دەبەزێنێت و گوێ بە قسە و رەخنەکانی کۆمەڵگا نادات، چونکە بەشێکی زۆر لە هیندییەکان پێیانوایە ئەوەی کانجانا ئەنجامی دەدات زۆر دوورە لە دابونەریتی هیندی و هیچ کاتێك بۆلیۆد پشتی بەو جۆرە فیلمانە نەبەستووە بۆ سەرکەوتن. بەڵام سەرەڕای ئەمەش کانجانا دوودڵە لە نواندنی چەند دیمەنێکی وروژێنەر لە فیلمە نوێیەکەی (Rajjo) و دوور نییە رەتی بکاتەوە، چونکە پێویستە لە دیمەنەکان لەگەڵ کوڕێکی هەرزەکار دەرکەوێت ئەویش ئەمە رەت دەکاتەوە، ئەگەر رەتیشی نەکاتەوە ئەوا چەند مەرجێکی تایبەتی دەبێت، چونکە رازی نییە لە دیمەنێکدا بەشدار بێت کە خۆشەویستی تێدا بێت لەگەڵ گەنجێکی تەمەن ١٧ ساڵ، هەروەها کانجانا پێشتریش بێزاریی خۆی دەربڕی بوو لە سیناریۆی فیلمەکە، بۆیە بەرهەمهێنەرانی فیلمەکە ناچار بوون سیناریۆکەی بگۆڕن، ئەوەی زیاتر کانجانای بێزار کرد بوونی ئەستێرەی هەرزەکاری هیندی باراس ئەرۆرایە، هەرچەندە زۆریش هەوڵیدا خۆی بگونجێنێت لەگەڵ رۆڵەکە، بەڵام زۆر شەرمی دەکرد و تووشی دڵتەنگی هاتەوە و نەیتوانی وەك پێویست رۆڵەکەی بگێڕێت و بە دەرهێنەری راگەیاند باراس وەك منداڵ وایە بۆ بینەران نەك کەسێك لە خۆشەویستیی بزانێت، هەروەها لە رووی یاساییشەوە تەمەنی رێگای پێنادات لەم جۆرە دیمەنانە دەرکەوێت. بەپێی قسەی چەند سەرچاوەیەکی نزیك لە دەرهێنەری فیلمەکە لەکاتی وێنە گرتنی دیمەنەکاندا باراس وەك منداڵی کانجانا دەهاتە بەرچاو و ئەویش تووشی بارودۆخێکی دەروونیی ناخۆش بۆوە.



سەمیرە سەعید یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە لە ژیانی هونەری و ژیانی ئاسایی خۆیدا بە هێمن ناسراوە، ئەمەش وایکردووە زۆر بە سەرکەوتوویی پێ بگات، گۆرانییەکانی ئیقاعێکی خێرا و تامێکی هونەریی هاوچەرخی تێدایە، کەچی ئەو هەمیشە بەدوای شتی نوێدا دەگەڕێت، هەرچەندە ناوبانگی زۆرە و خاوەن جەماوەرێکی زۆریشە، بەڵام بەوە ناسراوە کە ژیانی ناسەقامگیرە بۆیە دوو دڵە لەوەی کە لە میسر بمێنێتەوە یان بگەڕێتەوە مەغریب یانیش لە لەندەن بژیت لەگەڵ کوڕەکەی، لەم دیمانەیەدا سەمیرە باس لەچەند لایەنێکی ژیانی خۆی دەکات.

# سەمیرە سەعید:
# لە هیچ شتێک پەشیمان نیم

*** بۆچی بەشداریت لە بەرنامەی (زە ڤۆیس)دا نەکرد کەچی بەشداریت لە (صوت الحیاة)دا کرد؟**

- حەزم دەکرد بەشدار بم، بەڵام ئەو دەرفەتەم بۆ نەڕەخسا، سەبارەت بە کەناڵی (الحیاة)، ئەمە لە کاتێك بوو دوای ئەوەیە (شادی)ی کوڕم چووە لەندەن بۆ تەواو کردنی خوێندنی و یەکەم جار بوو دوای حەڤدە ساڵ لێم دووردەکەوێتەوە، من کاتێکی زۆرم بەدەستەوە بوو بۆیە رازی بووم بەشداری بکەم لەو کەناڵە، زۆر کەس وایان بڵاو کردەوە گوایە من پەشیمانم بەشداریم لە بەرنامەی (زە ڤۆیس) دا نەکردووە، بەڵام هیچ شتێك نییە لە ژیانم لێی پەشیمان بم.

*** ئەی سەیری بەرنامەکەت دەکرد؟**

- بێگومان، چونکە یەکێکە لە بەرنامە نایابەکان و چەندین بەهرەی هونەری دەناسێنێت، بەڵام بەرنامەی (صوت الحیاة) تایبەتە بە بەهرە میسرییەکان واتە تەنیا لەسەر ئاستی میسرە و چەند هونەرمەندێك بەشدارییان تێدا کرد کە من بە پەرۆشەوە بووم بۆ بینینیان لەوانە ئاوازدانەر حلمی بەکر و هونەرمەند هانی شاکر.

*** بیرت لەوە نەکردۆتەوە بەرنامەیەکی هاوشێوەی ئەساڵە نەسری پێشکەش بکەیت؟**

- بەڵێ بیرۆکەیەکی لەو شێوەیە هەیە، بەڵام تا ئێستا پێشکەشی هیچ کەناڵێکم نەکردووە، ئەساڵە زۆر سەرکەوتوو بووە لە بەرنامەکەی، من زۆر خۆشم دەوێ و زۆریش سەرسامم بە راستگۆییەکەی.

*** چی لە ژیان فێر بوویت؟**

- ژیان فێری ئەوەی کردم کە دەست نەخەمە نێو کاروباری هیچ کەسێکەوە و رێگاش نەدەم هیچ کەسێك دەست بخاتە نێو کاروباری تایبەتی منەوە، شورەیەکم بۆ ژیانی خۆم داناوە بۆ ئەوەی میدیاکان بەشێوەیەکی بەردەوام هەواڵەکانی من نەگوازنەوە، چونکە من بە سروشت زۆر لە خۆم دەترسم هەر بۆیەش زۆر راستگۆم لە کردار و هەڵسوکەوتی رۆژانەمدا.

*** کەواتە تۆ زۆر چالاکی لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ( فەیسبوك و تویتەر) ؟**

- ئەوەی راستی بێت، من سەرەتا لە تویتەر شتم دەنووسی و بەردەوام بوونم هەبوو ئەمەش زیاتر بۆ پروپاگەندە بوو بۆ بەرنامەی (صوت الحیاة) و ئەگەر زیاتر چالاك بم ئەوا ئەو وێنانە بڵاو دەکەمەوە کە تایبەتن بە کارەکەمەوە، رقم لە شتی ناشیرین و خراپە کە هەندێك کەس لە تویتەر دەینووسن، چونکە وەك دەیبینم تویتەریان کردۆتە گۆڕەپانی یەکلایی کردنەوەی حیساباتی کۆنیان.

*** هۆکاری چی بوو ئەلبوومەکەت بۆ ماوەی پێنج ساڵ دواکەوت؟**

- چەند گرفتێکم هەبوو و کاتێك گرێبەستەکەم لەگەڵ بەرهەمهێنەر محن جابر کۆتایی پێهات، بە قۆناغێکدا تێپەڕیم کە زۆر دوودڵ بووم لەوەی ئەلبوومەکەم بەرهەم بهێنم یان نە؟ دواتر شۆڕش و بەهاری عەرەبی دەستیان پێکرد و بارودۆخ بە تەواوی گۆڕانکاری بەسەرداهات بۆیە ئەلبوومەکەشم دواکەوت.

*** دوای شۆڕشی میسر و تێکچوونی بارودۆخەکە بە گشتی بیر لەوە ناکەیتەوە بە یەکجاری بگەڕێیتەوە مەغریب و میسر جێ بهێڵیت؟**

- من هیچ کاتێك مەغریبم جێنەهێشتووە، هەمیشە سەردانی دەکەم و خزم و کەس و خوشك وبراکانیشم لە ریبات دەژین، بەڵام ئێستا بیرۆکەی گەڕانەوەی یەکجاری بۆ مەغریب دوور نییە تەنانەت خوشکێکم لە ئەمریکایە ئەویش بیری لەوە کردۆتەوە کە هەموومان لە مەغریب کۆببینەوە.

*** بیرت لە فرۆشتنی موڵکەکانی میسر نەکردۆتەوە؟**

- تا ئێستا هیچ شتێکم نەفرۆشتووە، خانوویەکم لە قاهیرە هەیە و یەکێکیش لە مەغریب، بەڵام لەوانەیە رۆژگار بگۆڕێت، چونکە ئەوەی راستی بێت من ئێستا لە حاڵەتی سەقامگیردا ناژیم و نازانم لە قاهیرە دەمێنمەوە یان دەگەڕێمەوە مەغریب یانیش لەگەڵ کوڕەکەم لە لەندەن ژیان بەسەر دەبەم.

*** تا چەند گەشبینیت بە بارودۆخی ئێستای وڵاتانی عەرەبی؟**

- من هەمیشە گەشبینم و هیچ کاتێك گەشبینی خۆم نەشاردۆتەوە، بەڵام گەشبینی بە تەنیا بەس نییە و پێویستە کار بکەین بۆ هێنانەدی خەونەکانمان، پێموایە بارودۆخی سیاسی وڵاتانی عەرەبی بەرەو باشتر ناڕوات ئەگەر ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و دیموکراسی نەیەنە دی، هەروەها پێویستە هەموو هاووڵاتیان دەرفەتی کاری یەکسانیان بۆ بڕەخسێت.

*** ترسی ئەوەت نییە توندڕۆکان هونەر بشێوێنن؟**


- ترسم لە هونەر نییە، چونکە هونەر هەمیشە ئامڕازێکە بۆ بەرگری و هەمیشە توانای بەرگری و رووبەرووبوونەوەی هەبووە، من دژی توندڕۆییم و کەسێکی میانڕۆم لە هەموو شتێکدا و دڵنیام هونەر زۆر بەهێزترە لە توندڕەوی و توندڕۆکان.

*** وەك مرۆڤێك تا چەند لە دوارۆژی خۆت دەترسیت؟**

- نەخێر بە هیچ شێوەیەك ئەو جۆرە ترسەم نییە، چونکە بۆ هەموومان ژیان گەشتێکە و هەرچۆنێك بێت و بۆ کوێ بچیت هەرکۆتایی دێت و من بەهیچ شێوەیەك لە مردن ناترسم، راستە پێشتر ئەو ترسەم هەبووە، بەڵام ئێستا بیر لەوە ناکەمەوە ئەمەش نیشانەی پێگەیشتنە کە من لە ناخی خۆمدا هەستی پێدەکەم.

*** بەهۆی خوێندنی لە لەندەن (شادی)ی کوڕت ناچاربوو لێت دوورکەوێتەوە، کاریگەریی ئەم دوورکەوتنەوەیە چۆن بوو لەسەر سەمیرە سەعید؟**

- لە سەرەتا زۆر زۆر ناخۆش بوو بەتایبەتی کە دوای حەڤدە ساڵ ئەمە جاری یەکەمە شادی لێم دوور دەکەوێتەوە، هەرچەندە کە یەکەم جار چووە لەندەن من ماوەی سێ مانگ لەگەڵی مامەوە بۆ ئەوەی رای بهێنم لەسەر ژیانی لەندەن ئینجا گەڕامەوە میسر، بەڵام کاتێك چوومە ماڵەوە هەستم بە بۆشاییەکی زۆر کرد و بۆ ماوەیەك ژیانێکی ناخۆش و دوورە پەرێزیم بەسەر برد، چونکە ئەو بۆشاییەی کە شادی جێیهێشت تووشی خەمی کردم کە یەکەم جار بوو هەستی پێبکەم، ئێستا تا رادەیەك لەسەر دوورکەوتنەوەی راهاتووم، بەڵام هەمیشە لە دڵەڕاوکێدا دەژیم هەرئەوەش بووە هۆی ئەوەی لە چەند کار و بەرنامەی هونەری داببڕێم، هەر ئەویش بوو وایکرد رازی بم لە بەرنامەی (صوت الحیاة)دا بەشداری بکەم.



**پرۆفایل:**

**لە دایکبووی ساڵی ١٩٥٩ی مەغریبە، لە هەشت ساڵی دەستی بەکاری هونەری کردووەو ئێستا لە میسر دەژیت.**

**ساڵی ١٩٧٠ لە تەمەنی ١٨ ساڵێدا یەکەم ئەلبوومی بڵاوکردەوە و ساڵی ١٩٧٧ لە ئیمارات یەکەم ئەلبوومی بە زاراوەی کەنداوی بڵاوکردەوە.**

**لە ژیانیدا ٤٦ ئەلبووم و ٥٠٠ گۆرانی پێشکەش کردووە و چەندین خەڵاتی جیاجیای بەدەستهێناوە لەوانە خەڵاتی (BBC International Music Awards)، هەروەها شا محەمەدی شەشەم خەڵاتی (وسام القائد)ی پێشکەش کرد.**

**دووجار هاوسەرگیری کردووە و لە هەردووکیان جیابۆتەوە، کوڕێکی هەیە لە هاوسەری دووەمی بەناوی شادی.**